تیراژ 5000 دانە

# ÊWA
# ئێوە

ژمارە (10) ئایاری ساڵی 2010



خزمەتکاری وارگەی "میزۆپۆتامیای ئینجیلی"

ئێمە بە پارە خەڵک ناکەینە مەسیحی تاکی کورد لەوە گەورەترە بە پارە بکڕدرێت و بفرۆشرێتەوە


گۆڤارێکی مانگانەی سیاسی و رۆشنبیری گشتی سەربەخۆیە لەناوەراستی هەموو مانگێک دەردەچێت

GENERAL INDEPENDENT CULTURAL MAGAZINE


50 رێنمایی بۆ ئاسوودەیی منداڵەکەت

خۆشەویستی لەنێوان وەفاداری و خیانەتدا

VîN


ڤین تیڤی بە عەرەبی

بۆچی لەکاتی دیمانەدا لەکامیرا شەرم دەکەیت و دەترسیت.؟



کچان خەون بە چی دەبینن.؟!

کێن ئەوانەی بیر لە هەندەران دەکەنەوە.؟




خەریکی پرۆژە هونەرییە نوێیەکەیەتی




## خەلۆ

هونەرمەندی کۆمیدی لە دیمانەیەکی وێنەییدا



کلیپی بۆ گۆرانی (ئای فەلەک) کرد



لەگەڵ نارینا کوڕی بە دوویت گۆرانی دەچڕن



ئەو گەنجانەی لە عەشق سەرکەوتوو نەبوونە بۆ (ئێوە) دەدوێن

فۆتۆگرافەر ئاسۆ سەردار:

پشت بە خوا لە گەڵ زۆربوونی وێنەکاندا ئاواتمە پێشانگایەکی بۆ بکەمەوە

سەروتار:

### ڕوونکردنەوەیەك لە گۆڤاری( نێوە )

## کەی جیهانی ئیسلامی لەسەر ئەنفال داوای لێبووردنی لە نەتەوەی کورد کرد ئینجا ئێمە داوای لێبوردن لە مەلایەکان دەکەین.؟!

دوا بەدوای بڵاوکردنەوەی ژمارەی تایبەتی گۆڤارەکەمان کە تایبەت بوو بە یادی ساڵوەگەڕی کارەساتی شوومی ئەنفال و کە تیایدا چەندین بابەت و دیکۆمێنتی ئەنفالی یەك تاوەکو ئەنفالی نۆمان بڵاوکردبووەوە، ئامانجەکەشمان لەو ژمارە تایبەتە روون و ئاشکرابوو، کە پێش وەختە لە هەموو ماڵپەڕەکان بانگەشەمان بۆی کردبوو کە تیایدا داوامان لە هەموو نووسەران و رۆشنبیرانی کورد کردبوو کە بە بابەت و دیکۆمێنت و....هتد هاوکارمان بن بۆئەوەی ژمارەیەکی گۆڤارەکەمان تایبەت بەو کارەساتە بکەین، هاوکات ویستمان بیکەین بە نەریتێك بۆ هەموو میدیای کوردی کە لە ساڵیادی کارەساتی کیمیاباران و کارەساتی ئەنفالدا گۆڤار یان رۆژنامەکەیان بە ژمارەی تایبەت بەچاپ بگەیەنن، بۆ رادیۆو تەلەفزیۆنەکانیش بە هەمان شێوە، مایەی خۆشحاڵی بوو کە زۆرێك لەو کەناڵانە توانیان وەکو خۆی یادی ئەم کارەساتە تراژیدیە بکەنەوە و زیاتر بەدونیای بناسێنن و بەبیری نەوەی نوێی بهێننەوە.

زۆر بە داخەوە لە لایەن چەند مامۆستایەکی ئاینییەوە هێرشی ناڕەوامان کراوەتە سەر و هاوکات لە رێگای مۆبایل و ئیمێلەوە هەڕەشە و گوڕەشەی داخستنی گۆڤارمان لێکرا کە گوایە ئێمە لە رێگای ئەم ژمارە تایبەتەوە سووکایەتیمان بە(سورەتی ئەنفال) کردووە، خەڵکی سادە و ساکاریان لە ئێمە هانداوە بەوەی کە گوایە ئێمە ئیسرائیلی و دژە ئیسلامین، کە ئەمە دەچێتە خانەی تیرۆرەوە و بە هەموو شێوەیەك قسەی ئەو بەڕێزانە رەت دەکەینەوە و داواش لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین سنورێك بۆ ئەو فیکر تیرۆریستیانە دابنێت بۆ ئەوەی ئازادی هەموو لایەك پارێزراو بێت و چیتر کەسانێك بەناوی ئاینەوە هەوڵی رەش کردن و پیسکردن و زڕاندنی میدیای ئازاد نەدەن، ئێمە هاتووین کارمان لەسەر یادکردنەوەی جەرگبڕترین کارەساتی مرۆیی کردووە کە لەلایەن گورگەبرسیەکانی بیابانەوە لە رۆژگارێك بەسەر میللەتی ئێمەیاندا هێناوە بەبەرچاوی هەموو جیهانی ئیسلامیەوە و بەناوی ئەنفال، کچ و ژنانی ئێمەی کوردیان هەر بەناوی ئەنفالەوە فرۆشتۆتەوە وڵاتە عەرەبیە ئیسلامیەکان، گوند و شارۆچکە و مزگەوتی کوردیان وێرانکردووە بەناوی ئەنفال، ئەوکاتەی قورئان بە شوفەڵەکانەوە پەرپەر دەکران و مزگەوتەکان دەرووخێنران ئەو مەلا بەڕێزانە لەکوێ بوون تا غوتبەی وا بەحەماسی بۆ بدەن، خۆ ئێمە ئەنفالمان دروست نەکردووە بێین داوای لێبوردن بکەین، پێویستە پێشەوا ئاینییەکانی ئیسلام بێن داوای لێبوردن لە کورد بکەن، پێویستە مەلاکان بێن داوای لێبوردن بکەن کە ئەوسا نەیانوێراوە پرۆتستۆی شاڵاوەکانی ئەنفال بکەن، ئەو چەند مەلا بەڕێزەی لە خوتبەکانیان هێرشی ناڕەوایان کردۆتە سەر گۆڤارەکەمان خۆ هەر هەموویان لەکاتی بەعس گوتاربێژی مزگەوت بوونە، ئەی بۆ ئەوکات نەتانتوانی بە بەعس بڵێن سوکایەتیت بە سورەتی ئەنفال کردووە، ئەوانەی ئەمڕۆ فەتوای لغاوکردنی دام و دەزگا چاپەمەنیەکان و گۆڤار و رۆژنامەکان دەدەن دەبێت ئەو بەرپرسیارێتییە مێژووە رەشەی بەعسیەکان و کردەوەی تیرۆریستەکانیش لە کوردستان و عێراق و جیهان بگرنە ئەستۆ، ئەوانەی ئەمڕۆ دەخوازن بەناوی ئاینەوە ئازادی لغاو بکەن هەر ئەو کەسانەن کە رۆژگارێك چاوساغی سوپای ئەنفال بوون لە کوردستان، ئێمە ریز لە هەموو موقەدەساتەکانی نەتەوەکەمان دەنێین، جا هەر چ ئاین و ئاینزایەك بێت گرنگ نییە گرنگ پیرۆزییەکانی نەتەوەکەمانە، لەم روانگەیەوە دژی هەموو ئەو هەوڵە نەزۆکانە دەوەستینەوە کە دەخوازن مێژووی نەتەوەکەمان بشێوێنن و خەڵکی پێ چەواشە بکەن بە تایبەت لایەن و گرووپە ئیسلامیەکان، کوردیش وەکو هەموو میللەتانی دونیا کلتور و مێژوو و زمان و خاك و نەریتی خۆی هەیە، بۆیە ئێمەش وەکو گۆڤاری(نێوە) لەم ژمارە تایبەتەدا ئەنفالمان بە کوردی راڤەکردووە و بە بیر و هزرێکی کوردانەوە باسمان لە ئەنفال کردووە، ئەگەر فڕکردنی 182000 و 5000 بارزانی و کیمیابارانی هەڵەبجە تاوان نەبووبێ و بڵاوبوونەوەی شیعری کوڕێکی کەسوکار ئەنفالکراو و چەند دیکۆمێنتێکی بەعس و چەند بابەتێك تاوان بن ئەوا ئێمە بەردەوام دەبین لەسەر تاوانەکەمان، لە کۆتاییدا داواکارین لە سەرجەم نووسەران و رۆشنبیران و رۆژنامەوانان و دڵسۆزانی نەتەوەی کوردمان با بەهەموو لایەك هەوڵ بدەین و چیتر لێ نەگەڕێین سووکایەتی بە قوربانییەکانی نەتەوەکەمان بکرێت، چیتر لێ نەگەڕێین سووکایەتی بە مێژوومان بکرێت، چیتر لێ نەگەڕێین سووکایەتی بە ئازادی و مرۆڤ بکرێت، ئەو قەوانەی ئیسلامیەکان لێیدەدەنەوە تە نها بۆ راکێشانی عەتفی چەند کەسێکی ساویلکەیە و چیتر نا، وەك ئەو هەوڵە نەزۆکەیان لە هەمبەر دەزگای ئاراس و سەردەم و گۆڤاری وێران و(دکتۆر فەرهاد پیرباڵ) کە بۆی هەوڵ دەدەن و بەهۆیەوە دەخوازن بنکەی تەنزیمیان فراوان بکەن و دڵی ئاغا و شێخەکانیان پێ خۆش بکەن و کورد بگەڕێننەوە سەردەمانی تاریکی و هەمیشە لە جەهل بژیێ و خۆی دروستکەری مێژوو و کەسێتی خۆی بێت.

ستافی گۆڤاری نێوە

گوڵانی 2710

باشووری کوردستان/ هەولێر

ئێمە و ئێوە ئایندەیەکی گەشتر بونیاد دەنێین

# ئێوە

ژمارە 10

ئایاری ساڵی 2010ی زایینی - گوڵانی ساڵی 2710ی کوردی

www.govariewa.kurdbloggar.com

## لەم ژمارەیە ئەم بابەتانە و بابەتیتر بخوێنەوە:

### بیر و هزری ئێوە:

سامان عەبدولرەحمان" بەرپرسی خزمەتکاری وارگەی میزۆپۆتامیای ئینجیلی:
ئێمە خەڵك بە پارە ناکەینە مەسیحی، مرۆڤی کورد لەوە گەورەترە بە پارە بکڕدرێت و بفرۆشرێتەوە
* پەیڕەوکردنی دیموکراسی لەلای عەرەبەکان..!

### تایبەت بە ئێوە:

* ( غازی سلێمان ) بەرپرسی پەیوەندی باڵوێزخانەی کۆماری چیك لە هەولێر: لەمەودوا ئاسانکاریمان کردووە وامان کردووە کە بەبێ چاوپێکەوتن ڤیزە وەربگرن.
* چەمکی رێز لای مرۆڤ

### ئێوە و یاسا:

* دەقی بەڵگەنامەی چاکسازیی سیاسی
* پەرتووکی یاسایی/ ماڵپەڕی یاسایی
* یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق 1992

### کوڕان و کچان:

* بۆچی لەکاتی دیمانەدا شەرم دەکەیت و دەترسیت..؟
* خۆشەویستی و ترس
* ئەو گەنجانەی لە عەشق سەرکەوتوو نەبوونە بۆ (ئێوە) دەدوێن.؟
* کێن ئەوانەی بیر لە هەندەران دەکەنەوە، ئایا هەندەران بەهەشتە یاخود خەیاڵی ئێمەیە.؟
* چۆن لە عەشق دەروانی..چۆن تێی گەیشتووی..چۆن لە عەشق سەرکەوتوو دەبیت.؟
* کـچـان خـەون بـە چـیـەوە دەبـیـنـن..؟!
* عەشق لەنێوان وەفاداری و خیانەتدا
* بێزاریەکانی بەیانیان چۆن دەڕوێتەوە.؟

### منداڵانی ئێوە:

* بەرنامە رێژی خودی لە منداڵ دا
* شێوازەکانی لابردنی ترس لە منداڵاندا
* لە کاتی تووڕەبووندا چۆن دانبەخۆتدا دەگریت لەمنداڵەکەت نەدەیت؟
* 50 رێنمایی بۆ ئاسوودەیی منداڵەکەت
* پاراستن و چارەسەری منداڵان لە نەخۆشیە وەرزیەکانی ئێستا
* تەوەری تایبەت: ئاوڕێك لە باخچەکانی ساوایان و داینگەکان.

### مۆبایلی ئێوە:

* بەسەرهات " ئەو کوڕەی هەموو رۆژێ پەیوەندیتان پێوە دەکات
* نوکتە خۆشەکانی مۆبایل
* شیعرە مۆبایل

### ئەدەب و هونەر:

* سەلاح داودە ئەو هونەرمەندەی لە ژیانیدا هەژار و لە بەهرەکەیدا دەوڵەمەند بوو.
* هونەرمەندێ سترانبێژ" ئەحمەد دلۆڤان: هەشت ساڵە چ بەرهەمێن نوو تۆمارنەکرینە
* ڤین تیڤی بە زمانی عەرەبی دەست بە پەخش دەکات
* نازدار کلیپی بۆ گۆرانی (ئەی فەلەك) کرد
* عەزیز وەیسی و نارینا کوزی بە دوویت گۆرانی دەچڕن
* فۆتۆگرافەر ئاسۆ سەردار: پشت بەخوا لە گەڵ زۆربوونی وێنەکاندا ئاواتمە پێشانگایەکی بۆ بکەمەوە..

### ئێوە و وەرزش:

* پیرۆزە خولی نایابی کوردستان لە یانەی وەرزشی هەولێر
* سامیح رۆستەم" یاریزانی تۆپی پێی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی: خۆشترین شار لە کوردستان بەلامەوە شاری هەولێرە هیوادارم خۆشتر بێت...
* خشتەی سەرجەم مۆندیالەکانی رابردوو

### گوزارشت:

* هونەرمەندی کۆمیدی شاری دهۆك خەلیل ناسراو بە (خەلۆ) لە دیمانەیەکی تایبەتی وێنەییدا

**خاوەن ئیمتیاز**
چیا محەمەد ئەسعەد
Chiya_harki@yahoo.com

**سەرنووسەر**
شێرزاد عومەر مەحمود
07704452628 - 07504632628
s-h-m007@hotmail.com

**بەڕێوەبەری نووسین**
سەروەت محەمەد رەحمان
07504555572
Sarwat009@gmail.com

**بەرپرسی فایلەکان:**

**بیر و هزری ئێوە**: گۆڤاری ئێوە
**تایبەت بە ئێوە**: بەرپرسی فایلەکان
**ئێوە و یاسا**: مافپەروەر/ رێگر فەرهاد گەلاڵی
**کوڕان و کچان**: شادان حوسێن
**منداڵانی ئێوە**: ئەحمەد حەمەدەمین ئیسماعیل
**ئافرەت و پیاو**: هاژە هەولێری و لانە شێرزاد
**تەندروستی ئێوە**: د.کەمال حەمە شەریف
**زانست و تەکنەلۆژیا**: شاخەوان عومەر حەسەن
**مۆبایلی ئێوە**: نەجات عومەر
**ئەدەب و هونەر**: سیروان گەڕەشێخانی
**ئێوە و وەرزش**: سەنگەر سەلیم عەلی
**دوا وێستگە**: گۆڤاری ئێوە
**فۆتۆ توانج**: بەرپرسی فایلەکان
**سەرپەرشتیاری چاپ**: گۆهدار بامەڕنی

Milo
For Computer
For Computer Servis
ناونیشان: کوردستان/ هەولێر – شەقامی ئاراس –
تەنیشت قوتابخانەی ئەیوبیە.
Email: milo.co2010@gmail.com
Mob:07504632628

**تەنها لە سەروتار بەرپرسین بابەتەکان گوزارشت لە بۆچوونی نووسەرەکانیان دەکەن**



پێویستە شوفێر لە ئۆتۆمبێلەکەی بێتە خوارەوە تا بزانێ گڵۆپەکە سەوز بووە یان سوورە
شەقامی 30مەتری بازاڕی تەیراوە- چوارریانی(کورد و عەرەب)



دەیان رێکخراوی پاراستنی مافەکانی منداڵ میزانیەی زەبەلاح وەردەگرن و منداڵانیش هەمیشە دەچەوسێنرێنەوە. (شاری دهۆك – (منداڵێکی کرێکار لە کاتژمێر 12ی شەودا)



نوێترین داهێنانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتووچۆ چونکە فەرمانبەریان نەماوە و ئەم ڕێگایەش مەترسیدارە(چیای زورگەزراو لە رێگای نێوان هەولێر- مەخمور)




تابلۆی شارەوانی بۆ ناوی گەڕەك و شارۆچکەکان تابلۆی ماتەمینی نییە ، هەر ئەو کەسانەن کاری ناشارستانی دەکەن و دەڵێن حکومەت خراپە(رێگای هەولێر-بنەسلاوە)






ئەم ولاتە ژن و ژان و ژیان وەکو یەکن




لە پەیمانگەی تەکنیکی کۆیە ..!!

ئەگەر وێنەی لە مجۆرەت هەیە دەتوانی بۆمان بنێریت بەو ئیمێڵە و بڵاوی بکەینەوە  ئا/ گۆڤاری ئێوە/ govari.ewa@gmail.com

لە ناوەڕاستی هەموو مانگێکدا بیخوێنەوە

Read in the middle of every month




گۆڤاری

ئێوە

ئێمە و ئێوە ئایندەیەکی گەشتر بونیاد دەنێین

The Migazen

We and you build a prosperous future

You

گۆڤارێکی مانگانەی سیاسی و رۆشنبیری گشتی سەربەخۆیە

The Independent Magazin Of Political & General Culture



ناونیشان:

باشووری کوردستان- هەولێری پایتەخت - شەقامی ئاراس - تەنیشت نەتتیکە خانەی هەولێر - www.govariewa.kurdblogger.com